# بەجیهانیبوون و باندۆری لە سەر پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان

ن: رۆژیار

لــە رەهەنــدێکی لۆژیکییــەوە، رەنگــە پێناســەیەکی کلیــشەیی بــۆ بەجیهانیبوون(Globalization) بە هۆی بەرفراوانی راڤە و تێگەیشتنەکان لە سەر ئەو چەمکە ئاڵۆزەی سەردەم، دروست نەبێت. گرینگیی لەوە دایە گشت لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی داگیر کردوە و جیهانی بەرەو بوونێکی واحید و یەکگرتوو بردووە، لە رێگەی تۆڕگەکانیەوە ئەوەندەی جیهان بچوك کردۆتەوە کە زاراوەی گوندی جیهانی هێناوەتە نێو گوتارەکانی رۆشنبیران، کە دەربڕی گرینگیی بەجهانیبوونە. مرۆڤ کاتی رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو زاراوەیە



تووشی پرسیارگەلی جیاواز دەبێت: بە راستی فەلسەفەی بەجیهانیبوون چییە؟ تایبەتمەندی، کاریگەریی بەجیهانیبوون و شوێندانەری و باندۆری لە سەر پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی سەردەم چییە و زۆر پرسیاری دیکە ...



ل
ە
راسـ
تیدا
دیار
یکرد
نـی
سەر
ەتا
بـۆ
هەر
رەو
تێك
بـۆ
بۆچـ
ووز
ی
توێژ

ەر دەگەڕێتـــەوە. لـــە ســـەر ئـــەم حاڵـــەش دەتـــوانین ســـتارتی مێـــژوویی بەجیهانیبوون بگەڕێنینەوە بۆ ٤٠٠ ساڵ لـەوە پـێش، واتـە هاوكـات لـە گـەڵ پەیدابوونی مۆدێرنیتە و چاپ و سەرمایەداری لە رۆژئاوا. كە لەم چەند ساڵەی دوایی دا بە هۆی:




- كۆمپانیا فرەرەگەزەكان
- بازاڕەكانی جیهانیی فرۆش
- شۆڕشی زانیاری
- رووخانی سیستەمی كۆمۆنیستی سۆڤیەتی

زەق بۆتەوەو خۆی بەرفراوان و بەربڵاو كردۆتەوە، چەمكی بەجیهانیبوونی وەك رەوتێكی گشتگیر، گۆڕانكاری بە سەر مەودای شوێن_كات دا كردوەو گۆڕانی بە سەر لۆژیكی پێوەندی دا هێناوەو لە رێگەی دونیای تۆڕگەكانەوە گشت ژیانی مرۆڤەكانی بە یەكەوە گرێ داوە. ئەو هۆیانەی كە لە سەرەوە باس كران، دەبنە هۆی زیاتر نزیكبوونەوە لە حەقیقەتی بەجیهانیبوون، كە دەكرێ بەو تایبەتمەندییانە پێناسە بكرێت و بناسرێت، كە دەتوانین لە روانگەی ئانتۆنی گیدێنزەوە پۆلێن بەندیان بكەین بەو شێوەیە:




- زانستی پێوەندییەكان
- پەرەگرتنی كۆمپانیا فرەڕەگەزەكان
- بڵاوبوونەوە و كارتێكەریی بازاڕەكانی ماڵیی جیهان
- پەرەگرتنی هەنگاوێكی نێونەتەوەیی سەبارەت بە مافی مرۆڤ

كە دەوڵەتانی وەكوو كەسایەتی فەرمی نێونەتەوەیی پێكەوە گرێ داوەو بەرژەوەندێلی جیاواز، دژ، هاوسەنگ، وەك یەك و .... بۆ پێكهێناون. هەر ئەو زۆربوونەی بەرژەوەندییە و چوونە سەری زانستی گشتی و واقعبینی مرۆڤەكان وای كردوە كە دەوڵەتان لە میكانیزمگەلی جیاواز بگەڕێن بۆ هاوسەنگ كردنی دەسەڵات و بەرژەوەندی و باوەڕەكانیان. لە لایەكیش شەڕە یەك لە دوای یەكەكان وایكرد كە پێویستییەكی تر لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەكان ساز بێت، كە ئەویش دیپلۆماسی و گفتوگۆیە، كە وەك زەرووڕەتی پێوەندی گرتن، ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییەكان و هاوسەنگ كردنیان خۆ دەنوێنێ. ئیتر لە دونیای جیهانیبوو دا، شەڕ وەك گوتاری زاڵی رابردووی زلهێزەكان وەك میكانیزمی گەیشتن بە بەرژەوەندییەكان نییە، بە تایبەت بە دوای ساڵی ١٩٩١دا، بەڵكوو بە هۆی:

- بوونی باكگراوندێكی تاڵ و ناخۆش لە شەڕ وەك شەڕی جیهانی یەكەم و دوهەم و هەروەها شەڕی سارد
- پێشكەوتنی لە رادەبەدەری تێكنۆلۆژی چەكەكانی شەڕ وەك چەكی ئەتۆمی و ...
- سەرهەڵدانی كۆمەڵێك بەها و مەترسیی هاوبەش بە خێزانی جیهانییەوە وەك تێرۆر، نەخۆشی، چەكی كۆكوژ
- كێشەی پەرەپێدانی زیاتری پێوەندێلی بازرگانی، تێكنۆلۆژی، زانیاری و گرێدانی بەرژەوەندی وڵاتان بە یەكەوە

دیپلۆماسی كردە گوتاری زاڵی پێوەندییە نێودەوڵەتییەكان بۆ چارەسەری كێشەكان. "دیپلۆماسی وەك بناغەی سازكردنی ئەو پێوەندییە هەمەلایەنە بەرفراوانەی كە دەوڵەتان لە گۆڕپانی نێودەوڵەتی بە یەكەوە

دەبەستێتەوە، کە بە شێوەی دوو یان چەند لایەنە کار دەکەن بۆ گەیشتن بە تێڕوانینی هاوبەش دەربارەی کێشەو بابەتەکانی پەیوەندیداری نێوانیان و دروست کردنی ستراتێژی هاریکاری لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان"

ئیتر لە رەوتی بەجیهانیبوون دا دەوڵەتان ناچارن بە مەبەستی هاوپەیمانی و هاریکاری لە گەڵ یەکدی، وەک "گلنر" دەڵێ: " لە سیستەمی جیهانیبوو دا کە دەوڵەتێکە کە لە ناو ئەودا بە خێرایی ئابووری، سیاسەت و کولتووری کۆمەڵگا مرۆڤییەکان دەبڕێت و دەبێتە هۆی سازبوونی بازاڕی بان نەتەوەیی ئابووری و رێکخراوە سیاسی و کولتوورییە بان نەتەوەییەکان پێک دێن. ئەو جیهانیبوونە کارتێکەری و کاریگەری دەخاتە سەر پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەر لە شێوە، کەسایەتی و ئامانجەکانیەوە بگرە تا گشت لایەنەکانی دیپلۆماسی، گۆڕانکاری پێکهێنا. کە دەتوانین بەو شێوەیە پۆلێن بەندی بکەین و راڤە و شی بکەینەوە.

**١_ بە قەیران کێشانی سەروەریی کلاسیک**

(Classic Sovereignty)

ساڵی ١٥٢٧ ماکیاڤێلی بۆ یەکەم جار باس لە دەوڵەت_ نەتەوە دەکات. لە ساڵی ١٦٤٨ پەیماننامەی ڤێستفالیا ئەو تیۆرەی ماکیاڤێلی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە فەرمی دەناسێت. ساڵی ١٥٩٧ "ژان بودن" باسی سەروەریی دەوڵەت_نەتەوە دەکات و هەروەها لە ساڵی ١٨١٥ پەیماننامەی "ڤیەنا" ئەو سەروەرییەی دەوڵەت_نەتەوە بە فەرمی دەناسێت. لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بە شێوەی رەها، رۆڵ تەنیا لە لایەنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبێت. بەڵام لە رەوتی گەشەسەندن و جیهانیبوون دا، سەروەریی دەوڵەت_نەتەوە دەکەوێتە مەترسییەوە. وەک "دەیڤید هێڵد" باسی دەکات بەم هۆیانە سەروەریی رەهای دەوڵەت_نەتەوە تووشی قەیران دەبێت، کە ئەم هۆیانە بریتین لە:



ئ
ا
ب
و
و
ر
ی

ج
ی
ه
ا
ن
ی

و

ر

وڵی هاشاهەڵنەگری، پـەرەگرتنی کۆمپانیـا فرەرەگـەزەکان و بازاڕەکـانی سەرمایەی جیهانی

- ڕێکخراوێلـی بـان نەتـەوەیی وەك بـانکی جیهـانی، خەزێنــەی نێودەولەتی پارە، نەتەوە یەکگرتووەکان
- مافگەلی نێونەتەوەیی، هەلگری پێبەند بوونی حکوومەتەکان بـۆ لـە بەرچاو گرتنی یاساگەل و کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەییەکان
- دەسەلاتی بالادەستەکان، لە ڕێگەی یەکگرتوویی ولاتان، بۆ نموونە هاوپەیوەندی ٨ دەولەتە دەولەمەندەکەی جیهان

کە سنوورەکانی ولاتانی جیهانی بەزاندوە. ولاتانی کـردوە بـە بەشـێك لـە جیهـانی واحیـد و تـاك و دەولـەتان وەك بەشـێك لـە ڕێسا جیهانییـەکانیان لێهاتووەو سەروەرییان لە ڕەهایەتی دابەزیوە بۆ سـەروەرییەکی ڕێـژەیی لـە پێوەندییە نێودەولەتییەکان، کە لە ژێر باندۆری وەرچەرخانی سەردەم دایە، کە سەروەریی نوێی لـە گـەلّ خـۆی هێناوەتـە ئـاراوە و تەنانـەت کاریگـەری دەکاتــە ســەر دەولــەتان، وەك کەســایەتیی ســەرەکی پێوەندییــە نێودەولەتییــەکان و تەنانــەت بوونەتــە ئــامێری بەرژەوەندییــە بــان دەولەتییەکان. لەم سەروەرییە نوێیانە کە هاتوونەتە ناو بازنەی کارتێکـەری لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکان دا، دەتوانین ئاماژە بەم سەروەرییانە بکەین:

- ســـــەروەرییە نەتەوەییــــــەکان، وەك بزووتنــــــەوە ئازادیخوازەکــــــان، ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەرەوەی دەسەلات و ...
- ســـــەروەرییە جیهانییــــەکان، وەك نەتــــەوە یــــەکگرتووەکان، مــــافی دەستێوەردانی مرۆیی
- سەروەری ئابووری، وەك کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و کاریگەرییان لـە سـەر سیاسەتی دەرەکی
- سـەروەری رای گشتی، وەك میدیا جیهانییـەکان یـان ئـەو وتەیـەی نـوام چۆمسکی کە دەلێت: "دوای ولاتـە یـەکگرتووەکان دەتـوانین رای گشتی وەك دووهەمین زلهێز(Super power) بناسین."

کە کۆی ئەمانـە کاریگـەری دەخەنـە سـەر پێوەندییـە نێودەولەتییـەکان. دیپلۆماســی وەك چارەســەریی هاوبــەش کردنــی بەرژەوەندییــە بالاکــانی نەتــەوەکان، جگــە لــە دەولــەتان، ڕێکخــراوە جیهانییــەکان، هاوبەندییــە ناوچەییەکان، کۆمپانیاکان، رای گشتی، (NGO)کـان بوونەتـە ئەکتـەر لـە کەناری دەولەتان. بۆ وێنە نوام چۆمسکی دەلێت:"دەولـەتان بوونـە ئـامێری جێبـەجێ کردنـی بەرژەوەنـدیی کۆمپانیاکـان". مەسـەلەی دەسـتێوەردانی مرۆیـی یـان دان پێدانانی نێودەولـەتی، کـە یـەکێك لـە هۆکارەکـانی بـوونی دەولەتــەکانن، کــە ئــەوە کــەم بوونــەوەی ڕۆلــی دەولــەت لــە پێوەندییــە نێودەولەتییەکانی جیهانی گلۆبالّ دەردەخات.

**باندۆری پاڕادایمە یونیوێرسالەکان لە پێوەندییە نێودەولەتییەکان**

"ژان بۆدریار" دەلێت: "یونیوێرسالیزاسیۆن (Universalization) بە مانـای زەمینـی، جیهـانگیر کـە پێوەنـدی لـە گـەلّ چـەمکگەلی وەك ئـازادی، دیمۆکراسی، مافی مرۆڤ و کولتوور هەیە، لە گەلّ گلۆبالیزەیشن، کە پێوەندی بە چەمکگەلی وەك زانیاری، بـازاڕ، تێکنۆلۆژی و تێرۆریـزم هەیـە، جیـاوازە. بەلام بە هۆی دەسەلاتی زۆری بەجیهانیبوون کە ئابووری تەوەر و بەرژەوەند تــەوەرە، تێکــەلّ بــووە. ئــەو چــەمکە یونیوێرســالانە هــاوڕێ لــە گــەلّ

بەجیهانیبوون زەق بوونەوەو بوونە ئیستراتێژی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سیستەمی نەزمی نوێی جیهانیی "بۆش"ی باب. گوتارەکانی زاڵی پێوەندی نێودەوڵەتی و ئیستراتێژی ئەو پێوەندییانە وەك "رایس" دەڵێت: "هاوسەنگی هێز بە بنەمای ئازادی و دیمۆکراسی بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی"ە، کە هاتوونەتە ناو بازنەی سیاسەتی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کەسایەتییە رۆڵ بینەکانی ئەو بازنەیە. ئەو چەمکە یونیوێرسالانە لە دەربازبوونی جیهانی ئایدیۆلۆژی دووجەمسەری رۆڵ دەبینن لە چوونی جیهان بەرەو چەند جەمسەری بوون. "هانتینگتۆن" دەڵێت: "لە جیهانی نوێ دا شارستانییەتەکان و کولتوورەکانن کە بەرژەوەندییە هاوسەنگ، دژ و هاوتەریب و جیاوازەکانی وڵاتان دیاری دەکەن."

لە سەر بنەمای هەر ئەو چەمکانەیە کە جیهان لە نێوان وڵاتە بەهێزەکان جەمسەربەندی دەکرێت و جەمسەری نوێ دێتە ناو پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان. هەر وەك "هێنری کیسینجێر" دەڵێت: "لە سەدەی ٢١دا هێزە سەرەکییەکانی جیهان بریتی دەبێت لە ٦ هێزی سەرەکی، بە ناوەکانی ئامریکا، ئورووپا، چین، ژاپۆن، روسیا و رەنگە هێندوستان، لە گەڵ وڵاتە ناونجی و بچووکەکانی جیهان، کە ٦ هێزی سەرەکی دەبن سەر بە ٥ شارستانییەتی جیاواز." کە رۆڵی شارستانییەتە جیاوازەکان لە دابەشکردنی وڵاتان، گرینگیی ئەو چەمکە یونیوێرسالانە دەردەخەن. بۆ وێنە "بوش" لە یەکەمین ئاخاوتنی دوای هەڵبژاردن ١٤٨ جار وشەی ئازادی (Freedom)ی دووپات کردەوە، کە پێشاندەری هاتنی ئەو چەمکانە و کاردانەوەیان لە ناو جیهانی گلۆبال دایە.

**سەرچاوەکان:**


١. هانتینگتۆن، پ، ساموئێل/ پێکدادانی شارستانییەتەکان، و: مامەند رۆژە، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی

٢. گیدنز، انتونی/ پیامدهای مدرنیت، محسن ثلاثی، نشریه مرکز، تهران ١٣٨٠، چ١

٣. د.نقیب زاده، احمد/ تحولات روابط بین الملل/ نشر قومس_١٣٨١_تهران، چ٧

٤. نورەدینی، عومەر/ سەروەری دەوڵەت، پێوەندی بە دۆزی کوردەوە/ هەولێر٢٠٠٥، چاپی منارە١

٥. گەلالی، بەهروز/ دیپلۆمات و دیپلۆماسی/ هەولێر٢٠٠٤_چاپی تیشك١

٦. وەلەدبەگی، ئازاد/ فەرهەنگی رامیاری نیگا/ هەولێر٢٠٠٥_چاپی رۆشنبیری هەولێر١

٧. اشوری، داریوش/ دانشنامەی سیاسی/ تهران١٣٨٣_چاپ گلشن_چاپ دهم

٨. د.نقیب زاده، احمد/ تاریخ دیپلماسی و روابط بین المللی/ تهران١٣٨٣_نشر قومس_چاپ ١

رۆژنامەکان و ماڵپەڕەکان:

١. رۆژهەلات(٤٥)، رێکەوتی ١٣٨٤/٩/٢١، بودریار ژان، خشونت جهانی شدن، ل٦

٢. هەولێر پۆست(٢)، رێکەوتی ٢٠٠٦/١/٨، دیپلۆماتیك(٢)، چەمکی دیپلۆماسی، ل١١

٣. هەولێر پۆست(٢٠)، رێکەوتی ٢٠٠٦/١/٢٢، دیپلۆماتیك(٢)، میزگردێك سەبارەت بە دیمۆکراسی، ل٦و٧

٤. رۆژهەلات(٢٨)، رێکەوتی ١٣٨٤/١٢/٢٤، گلۆبالیزاسیۆن، س.گودرزی، ل١٠

٥. سایت BBC Persian، رایس، کاندولیزا، وعدەی صلح دیپلوماتیك

٦. سایت Shahriyar، حسن زادە، علی_ تاثیرات جهانی شدن بر دمکراسی

٧. جهانی شدن، چالشها و تاثیرات ان بر اسیا، محمد، ماهاتیر.